سەرۆک وەزیران فەرمانی کرد زەرتترین هەوڵی خزمەتگوزاری و ئەمنی بدرێت بە سەرخستنی زیارەتی یادی شەهیدبوونی ئیمام کازم (سەلامی لێ بێت)



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە شاری کازمییەی پیرۆز بەدواداچونی کرد بۆ بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنی پلانی ئەمنی و خزمەتگوزاری تایبەت بە وەرزی یادکردنەوەی شەهیدبوونی ئیمام موسا کوڕی جەعفەر ئەلکازم (سەلامی لێ بێت).

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە سودانی گوێی لە پێشکەشکردنەکی وردگرت دەربارەی ئەو ئەرکانەی کە بە لایەنە ئەمنی و خزمەتگوزارییەکان سپێدراوە، هەروەها پێداچوونەوەی بە کورتییەک کرد کە لە لایەن وەزیری ناوخۆ ، سەرۆکی لیژنەی باڵای زیارەتی ملیۆنییەوە پێشکەش کرا کە تیایدا وردەکارییەکانی ئەو هەوشوناندنانەی لە خۆگرتبوو کە گیراونەتەبەر.

هەروەها سودانی لە ڕۆگەی بارەگای سەرەکی کۆنترۆڵکردن و کامڕاکانی چاودێرییەوە بەدواداچوونی بە ئەو هەوڵە جێبەجێکارییانە کرد کە تایبەتە بە خاڵە گرنگەکانی گواستنەوە و کۆکردنەوەی زیارەتکاران و گوێی لە بڕیارەکانی بەرزان وەزیرانی تەندروستی و گواستنەوە و ئەمینداری بەغداد و فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغداد و لیژنەی بەدواداچوون لە نوسینگەی سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران گرت.

سەرۆک وەزیران فەرمانی کرد کە بەرزترین ئاستی بایەخ و زەرتترین هەوڵ بدەن بۆ دڵنیابوون لە زیارەت کردنی ملیۆنان زیارەت کار و ئاسانکردنی گواستنەوەیان و پشکنینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و مرۆیی و جێختیشی کردەوە لەسەر پێویستی هەماهەنگی تەواو لە نێوان لایەنە حکومی و ئەمنییەکاندا، هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی لەگەڵ چالاکییە گشتییەکانی دیکە و مەواکیبە حوسێنییەکان و ئەو هاوڵاتیانەی کە هەوڵی خۆبەخشانە دەدەن بۆ سەرخستنی زیارەتەکە.